کتێبەکەت چۆن چاپ دەکەیت

جەلال بەرزنجی
(کەنەدا)

دڵنیام بە خێرایی و بە پەلە پەل چاپکردنی کتێب هەڵەی تێ دەکەوێت، بەوەش کتێبخانەی کوردی ناشیرین دەبێ، یان بڕوا پێ بوونی وەک سەرچاوەیەکی زانستی لاواز دەبێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕەزمی ژیان خێرابووە، بەڵام پرۆسیسی کتێب چاپ کردن هێشتا هەر لەسەرەخۆیە، ئەم لەسەرەخۆبوونەش لەبەر پشتگوێ خستن، یان کەمتەرخەمی نییە، بەڵکو بۆ بە جوانی و پوختی و (کواڵەتی) باشی کتێبەکەیە.

هێشتا هیچ بیرۆکەیەکم لە بارەی چۆنیەتی پرۆسێسی کتێب چاپ کردن لە ڕۆژئاوا نەبوو، کە زانکۆی ئەلبیرتا دوای خوێندنەوەی کتێبەکەم لەلایەن دوو پرۆفیسۆری بواری ئەدەب و نووسینی تێبینییەکیان، ڕازی بوو لەسەر ئەرکی خۆیان بۆمی چاپ بکات، پەلەم بووم، وامدەزانی وەک خواردنی خێرا «فاست فود» کتێبەکەم زوو چاپ دەکرێت، بەڵام (ئیدتەر)ی چاپخانەی زانکۆ گوتی: «چاپ کردنی کتێب لێرە ساڵ و نیوێک تا دوو ساڵی دەوێت» بەوە زانیم خواردنی خێرا لە ڕۆژئاوا هەیە، بەڵام کتێب چاپ کردنی خێرا نییە. وشەی «ئیدتەر» ئینگلیزییە و بە ڕێنووسی کوردی نووسیومە، چونکە ئەو کارەی ئەو دەیکات نە (هەڵەبڕە) نە ئەوکەسەیە بە کتێبەکەدا دەچێتەوە، نە (محرری عەرەبیشە)، زۆر دڵنیاش نیم کە بتوانم ئەوەی ئەو کارە دەکات بە ئەندازیاری ساختومانی تێکستی بچوێنم.

دێمەوە سەر پرۆسێسی چاپ کردنی کتێبەکەم، «پیتەری ئیدتەر» ڕاستی گوت ئەوە ساڵێکە کتێبەکەم لە پرۆسێسە دواجار دراوەتە نووسەر و ئیدێتەرێکی نێونەتەوەیی بەناوی (ئانە) لە ئەفریقای خوارووو و تا دوا (ئیدتینگی) بۆ بکات و تێبینی خۆی بنووسێ و بۆ چاپخانەی بنێرێتەوە، منیش ئیش لەسەر تێبینییەکانی بکەم «ئەگەر هەیبێت» پێش چوونی بۆ پرۆسێسی چاپ کردن، جارێکی تر کتێبەکە دەدرێتەوە خۆم، نەوەک بمەوێ شتێکی لێ زیاد و کەم بکەم، ئینجا دەچێتە ژێر چاپ.

بۆ بەرگ «چاکەتی کتێبەکەشم» بە هەمان شێوە لەلایەن «دیزاینەری» پسپۆڕ ئیشی بۆ دەکرێت. دوای ئەو پرۆسێسە وردەی دەست کەسانی پسپۆڕ دڵنیام کتێبەکە بەشێوەیەکی زۆر جوان دێتە بازاڕ کە دڵم پێی خۆش دەبێت. یادەوەری و ئەو کتێبانەی زانیاری بنچینەییانەن بۆ نووسین (نەنفیکشن) بەو پرۆسە درێژخایەنەدا تێدەپەڕن، بەڵام چاپ کردنی شیعر و فەنتاسی (فیکشن) پرۆسەکەیان خێرایە، بەڵام زۆریش نا.